ئەنوەر سندی:

# کورتە فیلم و فیلمی درێژ و دراماى جۆراوجۆری کوردی هەیە، بەڵام زۆربەیان لاساییە و تەنیا بۆ خۆدەرخستنە



**لە دوای ڕاپەڕین و ئازادیی کوردستان و بەتایبەتی دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بواری سینەماش وەك زۆربەی بوارەکانی دیکەی هونەری پەرەی پێدرا و چەندین فیلم بەرهەمهێندران و ژمارەیەك لە دەرهێنەر و سینەماکاران گەیشتنە ئاستی جیهانی و توانییان کارەکانی خۆیان لە کۆڕ و کۆبوونەوە و فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا نمایش بکەن و ناوی کوردستانی تێدا بەرز بکەنەوە و گوزارشت لە ئێش و ئازارەکانی میللەتی کورد بکەن. (ئەنوەر سندی) یەکێکە لە دەرهێنەرە دیار و بەرچاوەکانی کورد کە دەستێکی باڵای لە پێشخستنی سینەمای کوردی هەبووە، لەم دیدارەشیدا لەگەڵ گوڵان وەڵامی چەند پرسیارێکی هونەری لە سەر ڕەوشی هونەری کوردی و جیهانی دەداتەوە.**

*** ڕۆڵی وەزارەتی ڕۆشنبیری و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێشخستنی هونەر و سینەمای کوردی بە گشتی چۆن دەبینی؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیری بودجەی دیاریکراو و سنووردارییان هەیە و ناتوانن پارە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێك دابین بکەن کە لە ئاستێکی بەرزدا بێت، ڕەنگە ئەو پارەیەی ئەوان دەیدەن نەکاتە نیوەی ئەوەی کە بۆ فیلمێکی ئاسایی پێویستە، تەمویل کردنی فیلم زیاتر کاری کۆمپانیا و کەرتی تایبەتە، ئەو بودجەیەی من، یان هەر فیلمێکی دیکەی ئاست بەرز دەیەوێ و پێویستە، وەزارەت ناتوانێت دابینی بکات، چونکە ئەوەی فیلم بەرهەم دەهێنێت کۆمپانیایە کە خاوەن ستاف و دامودەزگا و کادیری تایبەتی خۆیەتی کە تایبەت و پسپۆڕە لە بواری بەرهەمهێنانی.

*** ئایا ستافی بەرهەمهێنانی پسپۆڕمان لە بواری سینەما هەیە، یان بۆ؟ دروستکردنیان دەبێت هەوڵ بدەین؟**

- هەبێ و نەبێ هەر ئەمەی ئێستامان هەیە و لەمە زیاترمان نییە، بە جۆرێکە نە دەتوانی بڵێی هەمانە، نەدەتوانی بڵێی نیمانە، دەتوانین بڵێین جووڵەیەك هەیە لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەلایەن چەند کەسێکەوە، ئەگەر ستۆدیۆ و هۆڵی و کەلتووری سینەماییمان هەبێت، ئەوا دەتوانرێ ئەو کادرە پەرەی پێ بدرێت و بێتە بوون، چونکە ئێمە لە کوردستان بە بنەمایەکی زۆر سادە کاردەکەین و کادیری لێهاتوو بە کارکردنی بەمشێوەیە دروست نابێت، نەمانتوانیوە تا ئێستا لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا ببینە خاوەنی ئەم جۆرە کادیرە، کەچی ٢٠ ساڵە خاوەن سینەماین، ئەمە لە کاتێکدایە کادیری باش لە ماوەی پێنج ساڵدا دروست دەکرێت، ئێستا کورتە فیلم و فیلمی درێژ و درامای جۆراوجۆری کوردی هەیە، بەڵام زۆریان لاساییە و تەنیا بۆ خۆدەرخستنە، ئەگەرچی تێگەیشتنێکی باشیش هەیە، هەروەها سەبارەت بە سینەما لە کوردستان زەمینەیەکی لەبارە، وەك باغچەیەك وایە کە هەموو جۆرە گوڵێکی تێدایە، مەبەستم جوگرافیا و تراژیدیا و ئەفسانە کە کەرەستەیەکی باشن بۆ سینەما.

*** چۆن دەتوانین بۆ بەرهەمهێنانی فیلم و پەرەپێدانی زیاتری سینەمای کوردی سوود لە کۆمەڵگەی خۆمان وەربگرین ؟**

- خەڵکی ئێمە بەوانەشەوە کە ئێستا خەریکی کاری سینەماییین و گرنگی پێدەدەن لەنێو تۆپ و فڕۆکە و شەڕ و کارەساتدا چاویان بە دنیا هەڵهێناوە، بۆیە دەبینین ئەو جۆرە سینەمایەی دەوێت، لەوانەیە نەوەکانی داهاتوو بەمجۆرە سینەمایەی ئێستا هەیە، ڕازی نەبێ، بۆیە پێویستە سینەماکاران ئەمەیان لەبەر چاو بێت، چونکە ئێستا ئەو سەردەمە نییە لەوانەیە ئەم کارەساتانە دەست بدات بۆ چیرۆك، یان ڕۆمان، ئێمە ئێستا ئەو تەکنۆلۆژیایەمان نییە کە بتوانین کارەسات و داستانەکان بکەین بە فیلم، بە هەمان شێوە ناتوانی داستانێکی ئەڤینداری کوردی بکەی بە فیلمێکی سینەمایی، چونکە فیلمێکی ئەڤینداری لەوانەیە پێویستی بەوە هەبێت کوڕ و کچەکە یەکتری ماچ بکەن، یان دەست گرتن و لە باوەش گرتنی تێدا بێت، کە ئەمە لە کوردستان بە کارێکی حەرام دادەنرێت، ئەگەر فیلمێکی لەم شێوەیە بەرهەم بهێندرێت بۆ بەیانی فەتوای کوشتن لەسەر دەرهێنەر و ئەکتەرەکان دەدەن. ئێمە وەکو کورد ناکرێ ئەم هەموو کارەساتە لە بیر کەین، بەڵام ئێستا ڕەنگە ئەمانە بۆ ڕۆمان، یان چیرۆك زیاتر بگونجێت لەوەی وەك فیلمێك پێشکەش بکرێت، هەروەها لە ڕووی تەکنۆلۆژیاشەوە ڕەنگە نەگەیشتبینە ئەو ئاستە، یان ئەو تەکنۆلۆژیایەمان دەست نەکەوێت کە تراژیدیا و کارەسات و داستانە نەمرەکانمان لە ڕێگای فیلمێکی سینەماییەوە زیندوویان بکەینەوە، بۆ نموونە زەحمەتە بتوانین فڕۆکە و کۆپتەر و تانك و چەکی گەورە لە فیلمێکی سینەمایی کوردیدا بەکار بهێنین لەو سەردەمەی ئێستاماندا، ڕەنگە لە داهاتوودا ئەمە بکرێ، بەڵام لە ئێستادا ناکرێ، هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە دەرهێنەر ناتوانێت داستانێکی خۆشەویستیی کوردی پێشکەش بە جەماوەر بکات، بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت، یان پێویستە بکرێت، لەم ڕووەوەش ڕێگریی زۆر هەیە، ئەمانە هەموویان دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی کە نەتوانرێ کارەسات، یان داستانێکی مێژوویی کوردی بکرێتە فیلمێك و پێشکەش بە جەماوەر بکرێت، ئەگەرچی ڕەنگە زۆر پێویستیش بێت.